له چاپكراوەكانى
ئه نجومه نى نيشتمانيى كوردستان – عێراق
ليژنەی ياسايى (25)

# ياساكانى تايبەت
# بە وەزارەتى كشتوكاڵو زەوى كشتوكاڵى
# لە هەرێمى كوردستان

# القوانين الخاصة
# بوزارة الزراعة والاراضي الزراعية
# في اقليم كوردستان

هەولێر 2008

076، 343
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان/ لێژنەی یاسایی
[یاساکانی کشتوکال....]
یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی کشتوکاڵ و زەوی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان / ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ لێژنەی یاسایی. چ1 – هەولێر، پەرلەمانی کوردستان، (چاپخانەی شەهاب)، 2008.
143 لاپەڕە؛ (زنجیرە 25 لێژنەی یاسایی)
1. یاسا ـ کشتوکال 2. ناونیشان

ناوی کتێب: یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی کشتوکاڵ و زەوی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان
لە بڵاوکراوەکانی لیژنەی یاسایی – ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستان
زنجیرە (25)
تیراژ: 1000 دانە
چاپی یەکەم: 2008
دیزاینی بەرگ: ئەندازیار / سنان عونی بەزاز – کۆمپانیای SB
نووسینگەی بەزاز / بەرامبەر / بانکی فیدرال
نزیك ئوتیل دم دم م: 4459912

# یاسای[*]
# وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان
# ژمارە (1)ی ساڵی 2007

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆک**

بەناوی گەلەوە

## بـــــڕیـــــار

ژمارە (3) ساڵی 2007

## یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان – عێراق

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە برگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ــ عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (1) لە 2007/3/26 بڕیارماندا بە دەرکردنی:

[*] بڵاو کراوەتەوە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە 73 لە 2007/9/25.

# یاسای ژمارە( 1 )ی ساڵی / 2007
# یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی بەرامبەریانە:**

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق .

**دووەم:** وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ.

**چوارەم:** بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ.

**پێنجەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی وەزارەت.

## - ئەرك وفرمانەكانی وەزارەت -

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەركانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەكەم**: دانانی پلانی كشتوكاڵی وا كە گەشەسەندنی بەروبوومی كشتوكاڵی بە هەردوو لایەنی رووەكی و ئاژەڵی بەدیٚ بهێنیٚ.

**دووەم**: پێشكەش كردنی رێنمایی و فەراهەمكردنی پێداویستیەكانی بەروبوومی كشتوكاڵی وئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی كردەنی كشتوكاڵی وسەرپەرشتی پیادەكردنی یاسا بەكارهاتووەكان لەگەڵ بەدوا داچوون وجێبەجی كردنی ئەو چالاكیانەی كە پەیوەندیدارن بە وەبەهێنانی زەوی وزاری كشتوكاڵی و پاڵپشتی كردنیان بە نیازی بەدیهێنانی ئامانجەكانی بەروبوومی كشتوكاڵی لە هەرێمدا.

**سێیەم**: لێكۆڵینەوەی تایبەت بە پرۆژەكانی وەزارەت ئامادە دەكات ونەخشەیان بۆ دەكێشی وبەرنامە دادەنیٚ وكاردەكات لە پێناو جێبەجیٚ كردنیان یان بە جێبەجیٚ كردنی راستەو خۆ یان لەلایەن لایەنەكانی تر لە ناوهەرێم یادەرەوەی دا و سەرپەرشتیان دەكات.

**چوارەم**: پشتگیریی كردن لە كەرتی تایبەتی وهاندانی وەبەرهێنانی پرۆژەكان و دامەزراندنی كارگە وتاقیگە و كارگەی تایبەت بە بەروبوومی كشتوكاڵی بە هەردوو لای ئاژەڵی و رووەكی.

**پێنجەم**: پشتگیریی كردنی بانكە كشتوكاڵییەكان لە هەرێمدا و دەرچوواندنی رێنمایی پێویست بۆ كار ئاسانكردنی وئەمەش بە هاوئاهەنگی كردن دەبیٚ لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری لەهەرێمدا.

**شەشەم**: كاركردن لە پێناوی فەراهەمكردنی تۆوی چاككراو وپەینی كیمیایی وفڕكەرەكان و دابین كردنی داودەرمان وئامێری كشتوكاڵی وگرتنەبەری رێگای وا كە زیاد كردنی بەروبووم وچاككردنی دەستەبەر بكات.

**حەوتەم**: كاركردن لە پێناوی ژیاندنەوەی پرۆژەكانی سامانی ئاژەلی وپاشكۆكانی و پەرەپێدانی لە هەرێمدا وكاركردن لە پێناوی فەراهەمكردنی دەرمان وپێكوتانەكانی بەیتەری وگرتنەبەری شێوازی زانستی بۆ چارەكردنی نەخۆشی درم (ساری)و پاراستنی ئاژەل لێیان.

**هەشتەم**: كاركردن و نەخشەكێشان بۆ بەرەنگار بوونەی دەردو نەخۆشی كشتوكاڵی وگرتنە بەری هەموو رێگایەك بۆ پاراستن لەو نەخوشییانە وچارەكردنیان.

**نۆیەم**: گرنگی دان بە سامانی ماسی وبە خێوكردنی هەنگ.

**دەیەم**: گرنگی دان بە بەروبوومی کشتوکاڵی وکارکردن لە پێناوی ڕێکخستنی عەمبارکردنی وناردنە بازاڕی.

**یازدەم**: گرنگی دان بە نەمامگەکان ولەوەڕگا ودارستانی سروشتی ودەست چێن وپاراستنیان،چونکە سامانی نیشتمانین،هەروەها پشتگیریی کردنی پاوانی سروشتی.

**دوازدەم**: دەسنیشان کردنی سنووری دارستانەکان وجۆرو پۆلەکانیان بە پێی یاسایەکی تایبەت کە کاروباریان ڕێك بخات لەگەڵ ڕێکخستنی هەموو مەسەلەیەکی پەیوەندیی بەدارستانەوە هەبێ لە هەرێمدا.

**سێزدەم**: پێشنیارکردنی پرۆژەی یاسایی نوێ بۆ چارە سەرکردنی کێشەی زەوی وزار بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ واقیعی ئێستاو دوا ڕۆژی کوردستاندا بگونجێ.

**چواردەم**: گەشە پێکردنی داهاتی بەشەری لە بواری ڕاهێنانی کادیری جووتیاری وکشتوکاڵی لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکانیان.

## -پێکهاتەکانی وەزارەت-

### ماددەی سێیەم:

وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:-

**یەکەم**: وەزیر: سەرۆکی باڵاو بەرپرسی کاروبارو ئاراستەکردنی سیاسەتی وەزارەتەکەیە وهەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکیش کە پەیوەندییان بە ئەرك وفرمان وپێکهاتەو دەستەڵاتەکان وکاروباری دیکەی هونەری ودارایی و کارگێڕی ڕێکخستنی وەزارەتەوە هەیە لەوەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەچێ و بەرپرسە بەرامبەر  بە ئەنجومەنی وەزیران بەوناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەو بۆی هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەکانی بە بریکاری وەزارەت یا بە بەڕێوەبەرەگشتییەکان یاخود ئەوەی لە وەزارەت بەشیاوی دزانێ بسپێرێت.

**دووەم**: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی کاروباری وەزارەت وسەرپەرشتی کردنی کارەکانی لە چوارچیوەی ئەو دەستەڵاتانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ، مەرجیشە خاوەن بڕوانامەی بەرایی پسپۆڕیی زانکۆ بێت وخاوەن شارەزایی کارامەییش بێت.

**سێیەم**: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر بە مەرجێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**چوارەم**: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم**: راوێژکاران: ژمارەیان لە چوار کەس زیاتر نابێ ودەبێ خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکـۆبن و خاوەنی شارەزایی و کارامـەیی بن.

**شەشەم**: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارگێڕیی و دارایی: بەڕێوەبـەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکـات وبەڕێوەی دەبات کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت وخاوەنی شارەزایی وکارامەیی بێت لە کارەکەیدا.

**حەوتەم**: بەرێوەبەرایەتیی گشتی پلاندان وبەدواداچوون: بەرێوەبەرێکی گشتی سـەرۆکایەتی دەکـات وبەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەنی شارەزایی وکارامەییش بێـت لـە کارەکەیدا.

**هەشتەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی وزاری کشتوکاڵی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخـاوەن شـارەزایی وکارامــەیی بێـت لـە کارەکەیدا.

**نۆیەم**: بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕەزگەریی ودارستان ولەوەڕگاکان:بەڕێوەبـەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکات وبەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێـت لە کارەکەیدا.

**دەیەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێکۆڵینەوە ورابەریی کشتوکاڵی:بەڕێوەبـەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت لە کارەکەیدا.

**یازدەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵی وبەیتاڵی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخـاوەن شـارەزایی وکارامــەیی بێـت لـە کارەکەیدا.

**دوازدەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشـتی خزمــەتگوزاریی کشـتوکاڵی: بەڕێوەبـەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت لە کارەکەیدا.

**سێزدەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتیەکان لە مەڵبەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا:هەریەك لەمانە بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات وبەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی بێت تاکو سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی پرۆژە کشتوکاڵیەکان لە پارێزگاکەیدا

بکاتو بەڕێوەبەرایەتیو لقە کشتوکاڵییەکان لە سنووری هەر پارێزگایەك لەو پارێزگایانەی پێوەی دەبەسترێت.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: ئەنجومەنی وەزارەت لەمانە پێك دێت:**

1- **وەزیر:** سەرۆکە.

2- **بریکاری وەزارەت:** ئەندامە و لەکاتی نەهاتنی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکە دەکات.

3ـ **راوێژکاران:** ئەندامن.

4ـ **بەرێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت:** ئەندامن

5-**سەرۆکی کۆمەڵانی جوتیاران لەکوردستان** : ئەندامە

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە نوێنەری وەزارەتەکانی تریش کە پەیوەندیداربن یان شارەزای تر لە دەرەوەی وەزارەت لەکاتی پێویستدا بخاتە سەر ئەنجومەنەکە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەرك و تایبەتمەندییەکانی وەزارەت بەپێڕەو دەسنیشان دەکرێن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان لق یان بەش یان هۆبە یاخود یەکەی دیکە لە ناو پێکهاتەی وەزارەت لە نوێ دابنێ یان لێکیان بدات یان هەڵیان وەشێنێتەوە بەپێی پێویستی کار لەکاتی پێویستدا.

**ماددەی شەشەم:**

یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری ژمارە (10)ی ساڵی1992 هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندبدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاْودەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عیراق**

**هەولێر**
لە رۆژی 3ی نیسانی 2007 ی زایینی
14ی نەورۆزی 2707ی کوردی
15 ربیع الاول 1428 کۆچی

## -هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە-

بەمەبەستی پەرپێدان وچاککردنی بەربوومی کشتوکاڵ ودۆزینەوەی چارەسەری راست ودروست بۆ ئەو تەگەرانەی رێگرن لەبەردەم بەکارهێنانی توانای سروشتی ومادەدی وبەشەری لەکوردستان ولە پێناو ئامادەکردنی ئاوو هەوای لەبار بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵی و بەدیهێنانی ئیکتیفای زاتی وئاسایشی خۆراکی وهاندانی کۆچکردنی پێچەوانە(لەشارەوە بۆ لادێ) تاکو خەڵکی لە گوند ودیهاتی کوردستان بگەنە ژیانێکی باشتر وئاوە دانکردنەوەی وڵات ولە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەوانەی لەسەرەوەدا هاتوون ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

## یاسای ژمارە (3) ی ساڵی 1998
## یاسای
## کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لەناو سنووری شارەوانییەکاندا

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئه نجومه نی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار:**10

**ڕۆژی بڕیار:**1998/4/15

**بڕیار**

پشت بەو دەسەلآتەی بەپێی بڕگە (3) لەیاسای ژمارە (10) دەی ساڵی 1997 پێمـان دراوە و لەسەر ئـەو بنەمایـەی کـە ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیشـتنی ڕۆژی 1998/4/14ی دا یاساکاری کردووە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا:

## یاسای ژمارە ( 3 ) ی ساڵی 1998
## یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لەناو سنووری شارەوانییەکاندا
**ماددەی یەکەم :**

دەکرێ زەوی کشتوکاڵی و ناکشتوکاڵی و باغەکانی کە موڵکی تەواو (صرف) ی فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتی و دام و دەزگاکانی شەهید و رێکخراوەکانی جەماوەری و پیشەیی و کۆمەڵەکانی هەرەوەزی بیناسازین جیاکاریان تیادا بکرێت (إفراز) بکرێن.

وەهەروەها ئەو باغ و زەوییە ناکشتوکاڵیانەی کە (وەقف) ێکی راست کراون ودەکەونە نێوان سنووری قۆناغی جێ بەجێکردنەوە (المرحلة قيد التنفيذ) لەرەنگ رێژەی بنەڕەتی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان بەجۆرێك هاودژ نەبێ لەگەڵ ئەو بەکارهێنانەی کە بۆیان داندراوە.

**ماددەی دووەم :**

1- مافی بەکارهێنان دەکوژێندرێتەوە (يطفأ) لەزەوییە کشتوکاڵی و ناکشتوکاڵیەکانی موڵکی دەوڵەت کە دەکەونە نێوان قۆناغی جێبەجێکردنەوە (مرحلة قيد التنفيذ) لە رەنگرێژی بنەڕەتی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

2- خاوەنی مافی بەکارهێنان (صاحب الحقوق التصرفية) لەو زەویانەی بەرێژەیەك قەرەبوودەکرێتەوە کە یەکسانە بە(8٪) لەکۆی پانتایی ئەو زەویانەی کە مافی بەکارهێنانی کوژێندراوەتەوە و بەناوی ئەوەوە تۆمار دەکرێ وەك موڵکێکی تەواو(صرف).

3- خاوەن مافی بەکارهێنان بۆی هەیە ئەو پارچەیەی کە پێی دراوە جیاکاری (إفراز) ی بکا بەمەرجێك هاودژ نەبێ لەگەڵ جۆری ئەو بەکاربردنەی کە بۆی دیاری کراوە لە رەنگرێژی بنەڕەتی شارەوانییەکاندا.

4- ئەگەر ئەو زەویانەی مافی بەکارهێنانیان تێدا کوژێندراوەتەوە و دەکەونە نێوان ناوچە نا نیشتەجێیەکانەوە (مناطق غير سكنية) خاوەنەکانیان بەزەوی تر لە ناوچەکانی سوکنا بوون قەرەبوو دەکرێنەوە لەناو سنووری شارەوانییەکان دا کە نرخەکەی هاوسەنگ بێ لەگەڵ ئەو رێژەیەدا.

**ماددەی سێیەم :**

1-زەوییە کشتوکاڵیەکان کە موڵکی تەواو (صرف) ی کەسانی سروشتی و (معنوي) ن (تەنها کۆمەڵەکانی هەرەوەزی بیناسازی نەبن ) کە دەکەونە سنووری قۆناغی جێبەجێ

کردنەوە (مرحلة قيد التنفيذ) لەرەنگرێژی بنەرەتیدا، بەمولك دەکرێن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق وە بەناوی شارەوانییەکانی پەیوەندیدارەوە (بەگوێرەی شوێنەکەی) تۆمار دەکرێن، ئەگەر ڕەنگرێژی نابراو بەکارهێنانی نا کشتوکاڵی بۆ دیار کردبوو.

2- خاوەنی ئەو زەویانە بە شێوەی(عيني ) قەرەبوو دەکرێنەوە بەرێژەی (12٪) لەکۆی پانتایی ئەو زەویانەی کە بەناوی شارەوانییەوە تۆمار دەکرێن مافی ئەوەیان هەیە کە ئەو پارچەی پێیان دراوە جیاکاری (إفراز)ی بکەن کە لەگەڵ ئەو بەکارهێنانەی کە بۆی دانـدراوە هاودژ نەبێت.

3- ئەگەر زەویەکان بکەونە شوێنی نا نیشتەجێبوون خاوەنەکانیان لە شوێنی سوکنابوون لە ناو سنووری شارەوانییەکاندا قەرەبوو دەکرێنەوە کە هاوسەنگ بێ لەگەڵ نرخی ئەو ڕێژەیەدا. وە هەروەها دەتوانن جیاکاری (إفراز) ی ئەو پارچەیە بکەن کە پێیان دراوە.

**ماددەی چوارەم:**

بۆ گەیشتن بە قەرەبوویەکی دادوەرانە بۆ کەسانی پەیوەندیدار دەشێ لاری بوون (إعتراض) نیشان بدەن لەسەر بڕیاری لیژنە تایبەتمەندە جێبەجێکارەکانی حوکمەکانی ئەم بڕیارە لەلای دادگای بەرایی شوێنی عەقارەکە لەماوەی (15) ڕۆژدا لە مێژووی ئاگاداربوون بە بڕیارەکەوە، بڕیاری دادگاش بن بڕە، وە لەسەر دادگاکانیشە کە بە پەلە سەیری ئەم لاری بوونانە بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

لەسەر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمی ئەو یاسایە.

**ماددەی شەشەم:**

لە سەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرهێنانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی ڕەسمیدا بلاّو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

# یاسای ژمارە ( 5 ) ساڵی 2007(*)

## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە ( 3 )ی ساڵی 1998

### یاسای کوژاندنەوەو لێك جیاکردنەوە ( إفراز )ی زەوی و زار لەناو سنووری شارەوانیەکاندا

(*) بڵاو کراوەتەوە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە 67 لە 2007/7/1.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

# بـــــڕیـــــار

ژمارە (8) ساڵی 2007

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1998ی یاسای کوژاندنەوەو لێك جیاکردنەوە (إفراز)ی زەوی‌و زار لەناو سنووری شارەوانیەکاندا**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1) ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوە، بە پاڵپشتی ئەو یاسا کارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق کردویەتی بڕیارماندا بەدەرکردنی:

**یاسای ژمارە (5)ی ساڵی/ 2007**

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1998ی یاسای کوژاندنەوەو لێك جیاکردنەوە (إفراز)ی زەوی‌و زار لەناو سنووری شارەوانیەکاندا**

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی (2)ی ماددەی دووەمی یاسای کوژاندنەوەو لێك جیاکردنەوەی زەوی‌و زار لەناو سنووری شارەوانیەکانی ژمارە (3)ی ساڵی 1998 هەموار دەکرێ‌و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

2. خاوەن مافی تەسەڕوفی ئەو زەوی‌و زارانە بە ڕێژەی (12٪) لە کۆی رووبەری ئەو زەوییەی کە مافی تەسەڕوفی تێدا کوژێنراوەتەوە قەرەبوو دەکرێتەوە وەك مولکی سرف بەناوی تۆمار دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

بڕگەی (2)ی ماددەی سێیەم هەموار دەکرێ‌و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە.

2. خاوەنی ئەو زەویانە بە ڕێژەی (20٪) لە کۆی ڕووبەری ئەو زەوییەی کە بە ناوی شارەوانی تۆمار دەکرێ بەشێوەیەکی (عەینی) قەرەبوو دەکرێتەوەو ئەو ڕووبەرەی کە پێی دەدرێ بە جیاکراوە دادەنرێ بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ بەکارهێنانەکانی بڕیاری بۆ دراوە ناکۆك نەبێ.

**ماددەی سێیەم:**

حوكمەكانی ئەم یاسایە هەموو ئەو زەویانەی ناو سنوری شارەوانی دەگرنەوە کە بڕیارەکانیان پلەی یەك لاکەرەوەی وەرنەگرتووە.

**ماددەی چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بن.

**ماددەی پێنجەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**هەولێر:**

30/ **گوڵان**/ 2707 **کوردی**

20/ **مایس**/ 2007 **زاینی**

3/ **جمادی الاول**/ 1428 **کۆچی**

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

بۆ بەدیهێنانی دادو هاوسەنگی لە نێوانی بەرژەوەندی تایبەتی خاوەن تەسەروفو خاوەن زەویو زاری کشتوکاڵیو بەرژەوەندیی گشتیو بۆ یەکخستنی یاساو بڕیارەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

# یاسای ژمارە (32)ی ساڵی 2007[*]

## یاسای هەموارکردنی یەکەمی

## جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ـ عیراق

## ژمارە (90)ی ساڵی 1975

---

(*) بڵاو کراوەتەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە 77 لە 2007/12/26.

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆک**

## بەناوی گەلەوە

# بڕیار

## ژمارە ( 39 ) ساڵی 2007

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی**
**لە کوردستان ـ عیراق ژمارە( 90 )ی ساڵی 1975**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوەو, بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق کردویەتی بڕیارماندا بەدەرکردنی:

**یاسای ژمارە( 32 )ی ساڵی / 2007**

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی**
**لە کوردستان ـ عیراق ژمارە( 90 )ی ساڵی 1975**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە(90)ی ساڵی 1975 لە هەرێمی کوردستان هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم**: هەموو زەویەکی کە تەسویەی تەواو نەبووبێ یا بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەوی بەپێی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی پلەی کۆتایی وەرنەگرتبێ، ئەوا بە ئەمیری سرف دادەنرێ و ئەم زەویانەی خوارەوەیان لێ بەدەردەکرێ.

1–ئەو زەوییە کشتوکاڵی و باخانەی کە موڵکی سرف بەپێی سەنەدی تاپۆ کە یاسا بە ڕەوای بزانێ.

2–ئەو زەوی و باخانەی کە وەقف کراون وەقفێکی تەواو بەپێی سەنەدی تاپۆ یان بەڵگەیەکی وەقفی کە یاسا بە ڕەوای بزانێ.

3-ئەو زەویانەی بە درەخت چاندراون بۆ ماوەیەك لـە (10)دەسـاڵ کـەمتر نـەبێ وتێکـڕای ژمارەی درەختەکانی لە دۆنمێکدا لە چل درەخت کەمتر نەبێ.
4-ئەو زەوی و باخانەی کە بڕیاری ژمارە(702)ی ساڵی 1973ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە دەیانگرێتەوە.

**دووەم**: هەر کەسێکی گوتی مافی بەکارهێنانی زەوییەکی ئـەمیری کشـتوکاڵیم لـەو ناوچـانەدا هەیە کە تەسویە نەکرابێ یاخود تەسویەکەی تەواو نەبووبی، یاخود بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەوییەکەی بەپێی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی ژمارە(117)ی ساڵی 1970 نەگەیشـتبوونە پلەی بنبڕی یەکلاکەرەوە، یان ئەوانەی بڕیاری تەسویەکەیان هەڵوەشـاوەتەوەو ئیسـپات بـوو بەپێی مامەڵەی کشتوکاڵی پێش جێبـەجێ کردنـی یاسـای چاکسـازیی کشـتوکاڵیی نـاوبراو بەکاری هێناوە، ئەوا ئەو رووبەرەی کە بەکاری هێناوە بەناوی دەوڵەت تۆمـاردەکرێ و مـافی بەکارهێنان دەدرێت بە بەکارهێنەرەکە بە مەرجێك لەو رادەیـە دەرنەچـێت کـە لـە مـاددەی دووەمی یاسای ژمارە(90)ی ساڵی 1975دا هاتووە. لەگەڵ دەست نەکردنە ئەو مافانەی کە چەسپێنراون بەپێی بە دەرکردنـەکانی لـە بڕگـەکانی (1، 2، 3، 4)ی بڕگـەی یەکـەمی ئـەم ماددەیەدا هاتوون.

**سێیەم**: وەزارەتی شارەوانییەکان لێکۆڵینەوەیەکی گشتی ئامادەو پێشکەش دەکات بـۆ بـەیان کردن و دەستنیشـان کردنـی زەوییـەکانی دەکەونـە نـاو ماسـتەر پلانـی شـارەوانییەکان کـە حوکمەکانی ئەم یاسا دەیانگرێتەوە لە ماوەیەکدا کە لە شـەش مـانگ زیـاتر نـەبێ لـە رۆژی جێبەجێ کردنیەوەو پرۆژەی یاسایەك بە چۆنیەتی قەرەبوو کردنەوەی خاوەنەکانیان بەپێی یاسـا کارپێکراوەکان پێشکەش بکات.

**ماددەی دووەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی سێیەم:**

وەزیرانی کشتوکاڵ و شارەوانییەکان بۆیان هەیە رێنمایی پێویست دەربچوێنن هەر یەکە بـەپێی تایبەتمەندیی خۆی بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسـایە جێبـەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسـایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستـان)ـەوە جێبەجێ دەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کودستان ـ عیراق**

هەولێر:

22/ سەرماوەز/2707 کوردی

13/ کانوونی یەکەم/ 2007 زایینی

4/ ذوالحجة /1428 کۆچی

# یاسای ژمارە ( 1 ) ساڵی 2008 (*)

## یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکاریی زەوی و زاری کشتوکاڵی

## لە هەرێمی کوردستان – عێراق

(*) بڵاو کراوەتەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە 85 لە 2008/4/28.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی هەرێم

سەرۆك

بەناوی گەلەوە

# بــــڕیــــار

## ژمارە( 7 ) ساڵی 2008

## یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکاریی زەوی و زاری کشتوکاڵی

## لە هەرێمی کوردستان – عیراق

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هـەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوە، بەپاڵپشـتی ئـەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق کردویەتی لــە دانیشـتنی ژمـارە(3) لــە 2008/3/31 بڕیارماندا بەدەرکردنی:

**یاسای ژمارە( 1 )ی ساڵی 2008**

**یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکاریی زەوی و زاری کشتوکاڵی**

**لە هەرێمی کوردستان - عیراق**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** مافی دەسکاریی لەزەوی کشتوکاڵی بۆ ئەو جووتیارانە دەچەسپێندرێ کە بەسـەریان دابەش کراوەو گرێبەستن بە پێـی حوکمـەکانی یاسـای چاکسـازیی کشـتوکاڵی ویاسـاو بڕیارەکان ورێنماییەکانی تر کە لەهەرێمی کوردستاندا کاریـان پـێ دەکـرێ، بەمـەرجێك بڕیارەکانی دابەش کردنەکە پەسند کرابن و گرێبەستەکان کارپێکردنیـان بـەردەوام بـێ و پۆلی زەویەکان کرابن بە مولکی دەوڵەت و مافی دەسکارییان بەسەرەوە هەبێت.

**دووەم:** پێویستە خاوەن مافی دەسکاریی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بـەردەوام بـێ لە بەکارهێنانی زەوییەکە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و گرنگی پێدانی و بە پێچەوانەوە بڕیاری

چەسپاندنی مافی دەسکارییەکەی هەڵدەوەشێتەوە گەر خاوەنی مافی دەسکاری داچاندنی زەویەکەی بەبێ بیانوویەکی مەشروع بۆ ماوەی سێ وەرزی یەك لەدوای یەك بەجێهێشت.

**سێیەم:** گرێبەست لەگەڵ ئەو کەسانەی دەسکاریی زەوی ئەمیریی دەکەن دەکرێ لە غەیری ئەوانەی گرێبەست نین، لە بارێکی وا کە مەرجە یاساییەکانیان لێ بێتەدی و ئەو زەویانە بە دەردەکرێن کە تەسوییەیان تەواو نەبووە ، یاخود مافی بەکارهێنانیان نەچەسپاوە و بڕی کرێکە بدەن کە کەوتۆنە ئەستۆیان بۆ ئەو ساڵانەی کە بەکردەیی بە کاریان هێناوە ودوای ماوەی سێ سال لەمێژووی رێکخستنی گرێبەستەکە مافی دەسکارییان بۆ دەچەسپێ.

**چوارەم:** زەوییەکان بەبڕیاری وەزیری کشتوکاڵ دوای ساغ بوونەوەی بوونی مەرجە یاساییەکان لەلایەن لیژنە کشتوکاڵییەکانەوە تۆماردەکرێن کە بۆ ئەم مەبەستە پێك دێن و بە کرێیەکی رەمزی دەدرێ کە دەبێتە بنەڕەتی وەرگرتنی رەسمی یاسایی لە فەرمانگەکانی تاپۆدا.

**پێنجەم:** پێویستە فەرمانگەکانی تاپۆ زەوییەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە بەبڕیاری وەزیری کشتوکاڵ تۆمار بکەن و بەم پێیەش تۆمارەکان هەمواردەکرێن.

**شەشەم:** ئەو رووبەرە زەوییانەی کە دابەش کراون و گرێبەستیان لە سەر کراوە لەو زەویانەی تەرخان کراون بۆ مەبەستی سوودی گشتی بە دەردەکرین لە حوکمەکانی ئەم ماددەیە.

**ماددەی دووەم:**

مافی دەسکاریی نابێ بچەسپێندرێ لە سەر رووبەری زەوییەك کە زیاتر بێ لە ڕادەی ئەو دابەش کردنەی کە لە ماددەی شازدەمی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی ژمارە(117)ی ساڵی 1970دا هاتووە.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** رادەی بەرزی مافی دەسکاریی کردن لەو زەوییانەی کراونەتە موڵکی دەوڵەت وئەوزەوییانەی کراونەتە موڵکی سرف ، بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا بەم شێوەیە دەبێ:

1- لە زەوی دێمی ( پشت ئاو) (1000) هەزار دۆنم لەو زەوییانەی کە بە هەموو جۆرە بەروبوومێك دادەچێندرێ.

2- لەزەوی بەرئاو (200) دۆنم لەو زەویانەی کەبەهۆی ئامێر ئاو دەدرێن (150) دۆنمیش لەو زەوییانەی بەبێ هۆ ئاو دەدرێن.

**دووەم:** ئەگەر خاوەنی مافی دەسکاریی یاخود خاوەنی زەوی بە موڵك کراو مولکێکی سرفی لە ڕێگەی میراتەوە دەست کەوت ورووبەرەکەی لەو ڕادەیە زیاتر بوو کە لە بڕگەی ( یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەو رووبەرە زیادەکەی لێ دەسەندرێتەوەو بەناوی دەوڵەت بۆ مەبەستی کشتوکاڵی تۆمار دەکرێ.

**سێیەم :** لەکاتی گۆرینی ڕێگەی ئاودانی زەوی ، جا خاوەنەکەی بیگۆڕێ یاخود دەوڵەت ، ئەوا خاوەن مافی دەستکارییەکە یاخود خاوەنی زەوییەکە مافی وەرگرتنی ئەو رادەیەی هەیە کە لەبڕگە(1)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** ڕادەی ئابووری موڵکایەتی زەوی کشتوکاڵی یا مافی دەسکاری کردنی تێیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ.

1- (25) بیست و پێنج دۆنم لە زەوی کشتوکاڵی دێمەکار.

2- (1,5) یەك دۆنم و نیو لە باخەکان.

3- (2,5) دوو دۆنم و نیو لەو زەویانەی بەراون.

4- (5) پێنج دۆنم لەو زەویانەی کەبەهۆی ئامێر ئاودەدرێن.

**دووەم:** ئەو رووبەرانەی کە لەو رووبەرە چەسپاوانەی کە لە بڕگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون کەمترن، لە رەسمی دادوەریی لابردنی (شیوع) دەبوردرێن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەوەی دەستدرێژی لەسەر زەوی کشتوکاڵی کردبێ هیچ مافێکی یاسایی بۆ تۆمارناکرێ.

**ماددەی شەشەم:**

بەدەر لە حوکمی بڕگەی (شەشەم) لەماددەی یەکەمی ئەم یاسایەو لەباری کوژاندنەوەی ئەو زەوییانەی کە حوکمەکانی ماددەی (یەکەم) دەیانگرێتەوە، خاوەنەکەی بەرێژەی (3٪)ی ڕووبەری زەوییە کوژێنراوەکەی قەرەبوودەکرێتەوەو بەموڵکی سرفو بەناوی خۆی

فرزدەکرێ لە مێژووی دەرچوونی یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2007 {یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای كوژاندنەوەو جیاكردنەوەی زەویوزاری ژمارە (3)ی ساڵی 1998)ەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیری كشتوكاڵ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێتو لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) بلاْودەكرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عیراق**

**هەولێر**

26ی نەورۆزی 2708ی كوردی

8ی رەبیعی دووەمی 1429ی كۆچی

15ی نیسانی 2008ی زاینی

## هۆكارە پێویستیەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

دیارە زەویو زارو خاك بەشێكە لە ناسنامەی هەموو میللەتێك و بەخاوەن كردنی زەویوزار بەشێوەیەكی یاسایی لەسەر جوتیارو بەكارهێنەری، خۆشەویستی هەستو دڵسۆزی زیاتر دەكات بەرانبەر بەخاكو زیاتر كردنی بەرهەمیوبەدەرچواندنی ئەم یاسایەش هانی وەبەرهێنەر دەدرێ تا سەرمایەكەی بخاتەكار بۆ پرۆژەی كشتووكاڵی گەورەو بەكارهێنانی تەكنەلۆجیای نوێ، تا لە قەیرانی كەمی بەرهەمی ناوخۆ رزگارمان ببێو تارادەیەك ئاسایشی خۆراكمان پارێزراو بێتو لەهەمووشی گرنگتر پاراستنی ڕووبەری زەوییە كشتووكاڵییەكانو بەكارهێنانی بۆ مەبەستی كشتوكاڵی زەوی گرانبەها دەبێتو شارەوانیش بەرەو ناوچە بەردەلانو كەنارەكان دەچن بۆ نیشتەجێبوونو، بەڕادەیەكی گونجاو قەرەبووی ئەو خاوەن زەوییانە دەكرێتەوە كە بەركوژاندنەوە كەوتوون، هەموو ئەمانە هەنگاوی باش دەبن بۆ كەرتی كشتوكاڵو ڕێكخستنەوەی زەویوزار، لەبەر ئەم هۆیانە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

## یاسای

## ژمارە ( 4 ) ساڵی 2008 (*)

## یاسای

## پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی كشتوكاڵ

## لە هەرێمی كوردستان – عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی كوردستانی عێراق**

**سەرۆكایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( 14 ) ساڵی 2008**

**یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی كشتوكاڵ**

**لە هەرێمی كوردستان – عێراق**

بە پێی بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو وبەپاڵپشتی ئەو یاسا كارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (13) لە 2008/5/5 بڕیارماندا بەدەركردنی :

## یاسای ژمارە( 4 )ی ساڵی 2008

---

(*) بلاو كراوەتەوە لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستان ژمارە 87 لە 2008/6/17.

## یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی كشتوكاڵ
## لە هەرێمی كوردستان - عیراق

**ماددەی یەكەم:**

زەوی كشتوكاڵ و رووەك و باخ و دارستان و لە وەرگاو سامانی ئاژەڵ وبەروبوومەكانی و سەرچاوەكانی ئاو وئامرازەكانی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵ سامانی نیشتمانین، پێویستە خاوەن و پەیوەندیدارەكانیشیان بەپێی پلان و بەرنامەی دەسەڵاتەكانی هەرێم وەبەریان بهێنن و چاودێرییان بكەن و، پەرەیان پێبدەن و رێگا بە هیچ شتێك نەدەن ببێتە مایەی لەناوچوون و زیان لێدانیان.

**ماددەی دووەم:**

لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكانی هەرێمە:

**یەكەم:** كار لە پێناو بووژاندنەوەی گوندا بكەن و بەپێی سیاسەتێكی ئیستراتیژی هاوكاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكاندا بكەن و جوتیار هانی كۆچی پێچەوانەوە بەرەو گوند بدەن.

**دووەم:** جوتیاران هۆشیار بكرێنەوەو بەرەو بەكارهێنانی زەوی بە باشترین شێوە رێنمایی بكرێن.

**سێیەم:** بۆ دابین كردنی ئاوی ئاودان لە حاڵەتی نەهاتی ووشكەساڵیدا بەربەستی خۆڵین و دەریاچەی سروشتی دروست بكرێن.

**چوارەم:** كردنەوەو پەرەپێدان و قیرتاوكردنی رێگاو بان بۆ ئەوەی جوتیاران بە ئاسانی بە باخەكانیان بگەن و بۆ بازاڕكاری بەروبوومەكانیشیان یارمەتی بدرێن.

**پێنجەم:** پیشەسازی گۆڕانكاری و تەواوكەر (الصناعة التحويلية أو التكميلية) هانبدرێت كە پشت بە بەروبوومی كشتوكاڵی خۆماڵی دەبەستێت.

**شەشەم:** بەشداری لە دابین كردنی ئەو پێداویستییە پێویستیانە بكرێ كە كەفائەتی بەرزیان لە بەرهەمهێناندا هەیەو پشتگیری بكرێن.

**حەوتەم:** رێكخستنی كردەوەكانی بازاڕكاری ناوخۆو دەرەكی بەپێی نەخشەیەكی بەرنامە بۆ دارێژراو لەلایەن وەزارەتی كشتوكاڵ، بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی بازرگانی

و دارایی وئابووری لـه باری ڕێکخستن و کۆنترۆڵ کردنی هێنانی ئەو بەروبوومانـەی کـە هاوشێوەی ئەوانەی هەرێمن.

**هەشتەم:** دروسـت کردنـی عـەمباری سـاردکەرو بـەفرگر(المـبردة والمجمـدة) لـە هەرێمـدا هانبدرێن.

**نۆیەم:**کار لە پێناو قەرەبووکردنەوەی خاوەن شینایی و پڕۆژە کشـتوکاڵییەکان بکرێـت، لـە حاڵەتی لە ناوچوون یا زیان پێ گەیاندنیان لە ئەنجامی کارەساتی سروشتی یاخود هێزێکـی لە رادەبەدەر.

**دەیەم:** بەشداری کردن لە زیادکردنی رووبەری زەوی بەراو ودابین کردنی ئەو ئامێرانەش کە لە بەکارهێنانی پاشکەوت کردنی ئاودا بەکاردێن.

**یانزدەم:** لە ڕێگای قەرزدان و ئاسانکاری بانکییەوە بەشداری لە دروست کردنی سـەرمایەی پڕوژە کشتوکاڵییەکانی وەبەرهێنەرە نیشتمانییەکان بکرێ.

**دوازدەم:** پشتگیری بەروبوومە ستراتیژییەکان بکرێ.

**سیانزدەم:** فەرمانبەرە کشتوکاڵییەکان وەك سەرپەرشت بەسەر پڕوژە کشتوکاڵییەکانەوە دابمەزرێن، لەوانەی کە بڕوانامەی زانسـتی کشـتوکاڵییان بەدەسـت هێنـاوە، بـە خـاوەن بڕوانامـەی دواناوەندیی کشتوکاڵییەوە تا بەرزترین ئاستی زانستی کشتوکاڵی.

**ماددەی سێیەم:**

لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ و خاوەن زەوی و جوتیـارو کەشـتیارو ئەوانـەی پەیوەنـدییان بـە کشتوکاڵەوە هەیە، هەریەکەو بەپێی پسپۆڕایەتی و دەسەڵاتی خۆی ئەمانـەی خـوارەوە ئـەنجام بدات:

**یەکەم:** بایەخ بە زەوی کشتوکاڵی بدرێت و، بـۆ جگـە لـە مەبەسـتەکانی کشـتوکاڵ بـەکار نەهێنرێت یا بەبێ چاندن بەجێ نەهێڵدرێت و ڕێگا نـەدرێت بـە هـیچ شـتێك پـەیتی کـز بکات یا بڕشتی کەم بکات.

**دووەم:** پەیرەوکردنی شێوازی زانستی نوێ لە کردەوە کشتوکاڵییەکاندا.

**سێیەم :** ئامرازە پێویستییە کەفائە بەرزەکان لە بەرهەمهێناندا بەکاربهێنرێن.

**چوارەم:** بایەخ بە مەکینە وئامێرو ترۆمپـا کشـتوکاڵییەکان بـدرێت و بـیرو کـارێزو کانیـاوە سروشتییەکان و ئامرازو شێوازەکانی بەرهەمهێنانی دیکەش لە زیان پێکەوتن بپارێزرێن.

**پێنجەم:** بایەخ بە شینایی هەر لە کاتی چاندییەوە تا کاتی دروێنە یاخود لێکردنەوە بدرێت و، رێگە بە هیچ شتێك نەدرێت لە ناویان ببات یا زیانیان پێ بگەیەنێت و لە زیندەوەرە زیانبەخشەکانی کشتوکاڵ وسووتان و لافاویش بپارێزرێن.

**شەشەم:** سامانی ئاژەڵی و ماسی و پەلەوەرو مێرووی سوودبەخش بپارێزرێن و چاودێری بکرێن و لە هەموو ئەو شتانە بپارێزرێن کە زیانیان پێ دەگەیەنێت.

**حەوتەم:** پێرەوکردنی سیستەمی خولەکانی کشتوکاڵی و، دەستنیشان کردنی ئەندازەی ئەو پانتاییانەی کە لەهەر ناوچەیەکدا پێویستە بە بەروبوومی دیارکراو بچێنرێن. هەروەها دیارکردنی جۆرەکانی تۆو وپەیین و و قڕکەری بوونەوەری زیانبەخش و وادەکانی بەکارهێنانیان بەپێی پلان و رێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ.

**هەشتەم:** پاراستن و خزمەتکردنی باخەکان و بەرو میوەکانیان تا پێدەگەن و دەبرێنە بازاڕ نابێ پشت گوێ بخرێن.

**نۆیەم:** پێرۆ کردنی سیستەمی عەمار کردنی دروست وبێ وەی بۆ بەروبوومەکان.

**ماددەی چوارەم:**

پارێزگار دوای وەرگرتنی رای بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگادا لیژنەی تایبەت بۆ چاودێری وبەدواداچوونی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێك دەهێنێ، ئەمەش بەپێی چەند رێنماییەك کە وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمدا دەری دەکات.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر کارگە و سەنعەتگاکان. لەوانەی کەبەروبوومی کشتوکاڵ وەك کەرەستەی خاو لە سەنعەتی کشتوکاڵیدا بەکاردەهێنن، کەرەستەی خۆماڵی ئەگەر فەراهەم ببێت بەکاربهێنن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەگەر جوتیار یان ئەو کەسەی زەوییە کشتوکاڵییەکەی یان باخەکەی بەدەستەوەیە، یان ئەو کەسەی بەرپرسە لە بەرێوەبردنی، ملی نەدا ((امتنع)) بەبێ پاساوی بەجێ ـ زەویەکە بکێڵێ و بیچێنێ یان خزمەتی نەکرد، ئەوا پارێزگار بۆی هەیە زەوییەکە بە بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ بسپێرێ، بۆ ئەوەی چۆنی بەچاك دەزانێ ئاوەها کشتوکاڵی لەسەر بکات و، سوود لەبەرومیوەو وشکەڵێ (أحطاب) وەربگرێت، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی مافی داوا کردنی کرێی هاوتای هەبێت، بەڵام ئەگەر لە کۆتایی وەرزەکەدا بەڵێن بدات کە بەشێوەیەکی دروست زەوییەکەی وەبەردێنێ و خزمەتی دەکات، ئەوا زەوییەکەی پێ دەدرێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** سەرۆکی یەکەی کارگێری بۆی هەیە داوا لە دادگای پەیوەندیدار بکات، لەو تاوانانە بپێچێتەوە کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون.

**دووەم:** ئەو بڕیارانەی بەپێی بڕگەی(یەکەم)ی سەرەوە دەرچوێندراون، لەبەردەم دادگای تاوانەکانی ناوچەکەدا بەر تانە دەکەون و، بڕیارەکەشی لەم رووەوە بنبڕە.

**ماددەی هەشتەم:**

دادگای بەرایی ناوچەکە، تایبەتە بە تەماشاکردنی داواکانی زێدەرۆیی لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و باخەکان و داواکانی ناکۆکی سنوورەکانیان و ئەو مافانەش کە تێیان دەکەوێت، پەیوەندیدارەکانیش بۆیان هەیە لە ماوەی پانزدە رۆژ، لە رۆژی پێڕگەیاندنەوە لە

بەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکەدا بەسیفەتی پێداچوونەوە بڕیارەکـە ڕەتبکەنـەوەو، لەم ڕووەوە بڕیاری دادگا بنبڕە.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** خاوەن زەوی یا جوتیار یـا کەشـتیار یـا ئـەوەی پەیوەنـدی کشـتوکاڵی هەیـە ئەگـەر سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو بەیاننامانە بکەن کە لەسەری دەرچوون، ئـەوا بـۆ ماوەیەك بەند دەکرێن کە لە ساڵێك پتر نەبێت یا بە غەرامەیەك سزا دەدرێن کە لە حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار پتر نەبێت یا بە یەکێك لەو دووسزایە.

**دووەم:** فەرمانبەری کشتوکاڵی کە سەرپەرشتە بەسەر پرۆژە کشتوکاڵییەکانەوە ئەو ســزایەی بەسەردا دەدرێت کە لە بڕگە(یەکەم)ی سەرەوەدا هاتووە، لە حاڵەتێکـدا ئەگـەر بووبێتـە هۆی ســەرنەگرتنی پرۆژەکە یان زەرەرێکی گەورە لە پرۆژەکە بە هاوکاری لەگەڵ خاوەن پرۆژەکەدا، ئەگەر پێشتر فەرمانگەکەی ئاگادار نەکردبێتەوە و ئینزاری بە خاوەن پرۆژەکە نەدابێت.

**سێیەم:** هەر فەرمانبەرێك یان کرێکارێك بە کەمتەرخـەمی یـان بـە ئەنقەسـت لـە بـەجێهێنانی ئیشەکەیدا، بووبێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەروبومی کشتوکاڵ سزای بەند کردنی دەدرێت بۆ ماوەیەك لەشەش مانگ زیاتر نەبێت یان بە غەرامەیەك لە چوار سەدو پەنجا هەزار دینـار زیاتر نەبێت لەگەڵ قەرەبوو کردنەوەی زیانەکە.

**چوارەم:** ئەگەر ڕەفتارێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم مادەیـەدا نـەگونجاو. تـاوانێکی لێکەوتـەوە سزاکەی بە پێی یاسایەکی دیکەی کارپێکراو لە هەرێمدا گرانتر بێت، ئـەوا کـام دەقیـان سزاکەی گرانتر بێت، ئەوەی بەسەردا دەسەپێت.

**پێنجەم:** دوای وەرگـرتنی ڕەزامەنـدی وەزیـری کشـتوکاڵ ئینجـا داوا لەسـەر فەرمانبـەری سەرپێچیکار بەپێی بڕگەکانی (دووەم و سێیەم) دەکرێتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

جێبەجێ کردنی یاسای فیدراڵی بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ ژمارە(71)ی ساڵی/1978 لە هەرێمی کوردستان – عیراق رادەگیرێ.

**ماددەی یانزدەم:**

وەزیری کشتوکاڵ بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی دوانزەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی سیانزەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چواردەم:**

ئەم یاسایە دوای نەوەد رۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەڕمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

هەولێر

2ی حوزەیرانی 2008ی زایینی

12ی جۆزەردان 2708ی کوردی

28ی جمادی یەکەم 1429ی کۆچی

## هۆكاره پێویستیەكان

لەبەر ئەوەی كە زەوی وزاری كشتوكاڵ و باخ و جەنگەڵ و لە وەڕگای خۆڕسك و سامانی ئاژەڵ، هەروەها ئامرازو ئەدەواتی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵییش، لە مەكینـەو ئـامێرو ترۆمپـای ئاوو بیرو كارێزو كانیاوی سروشتی كە پێوەندیی بەو سامانەوە هەیە، بـە بەشـێك لـە سـامانی نیشتمانیی كوردستان لـە قەڵـەم دەدرێـن، جـا بـەهۆی خـراپ بەرهـەمهێنانی زەوی و زاری كشتوكاڵ و دواكەوتنی هەردوو كوچكەی بەرهەمهێنانە كشتوكاڵیەكە لە ئەنجامی بەسـەرهاتی هەلومەرجی نا هەموار كە بەسەر كوردستاندا هات و گوندەكان وێران كران و، لەو ساڵانەی پێشتردا گەمارۆی دوولایەنە بەسەر ناوچەكەدا دراو، لەبەر زەروورەتی بەرژەوەندی گشتی و، لە پێناوی گاڵدانی بەرهەمهێنانی زەوی وزاری كشتوكاڵ بە شێوازێكی زانسـتانە و دروسـت و، بۆ زۆرتر كردن و چاكتر كردنی بەروبوومی كشتوكاڵ و، پاراستنی بەرهـەمی كشـتوكاڵی مەحەللی، بۆیە دەرچواندنی ئەم یاسایە بە پێویست زانرا بۆ ئەوەی بەكارهێنان و وەبـەرهێنانی ئەو سامانانە بەشێوەیەكی زانستی و بە گوێرەی ئامانجەكانی پەرەپێـدانی نیشـتمانیی كوردسـتان دابـین بكـات و خاوەنـەكانیان و ئەوانـەی رەفتاریـان لەسـەر دەكـەن و بەرپرسـیاران لـە بەڕیوەبردنیان رابسپێردرێن تا بایەخی پێ بدەن و پەرەی پێ بدەن و پشتگوێی نەخەن و تووشی لەناوچوونی نەكەن، بۆیە ئەم یاسایە دەركرا.